## ئانا دیمی:

# نەک تەنیا سینەما بەڵکو زۆر شتی کوردستان سەرنجی راکێشاوم




ئانا نوێنەری خەڵاتی پاسفیکی کیشوەری ئاسیایە ئێستا رووی لە بواری ئەکادیمی و فێرکردنی قوتابیان کردووە لە بواری سینەما و بەڕێوەبەرایەتیی ژمارەیەك فیستیڤاڵیی سینەماییش دەکات لە چەند وڵاتێك و پێشتریش لە بواری بەرهەمهێنانی فیلم کاری کردبوو، لە بارەی کوردستان دەڵێ: بە هۆی ئەوەی کاری من لە بواری سینەمایە بۆیە هەوڵ دەدەم زانیاریم دەربارەی سینەمای هەموو نەتەوە و وڵاتان هەبوو، بینینی چەند فیلمێکی کوردی سەرنجیان راکێشام ئەمەش وایکرد کە هەوڵ بدەم سەردانی ئەم وڵاتە بکەم و لە نزیکەوە لە کەلتوور و هونەری کوردستان شارەزاییم هەبێت، دوای هاتمە کوردستان بینیم لە کوردستان وەك زۆربەی وڵاتان فیلمە کوردییەکان لە ئاستی جیاجیان، واتە هەندێکیان ئاستیان زۆر بەرزە و باشە، بەڵام هەندێکیان ئاستیان وەکو پێویست نییە، هەروەها کورد دەتوانێت لە رێگای سینەماوە مێژووی خۆی بە جیهان بگەیەنێت و ئەو رووداوە گرنگانەی لە مێژووی کورددا روویانداوە بە هۆی سینەماوە زیندوویان بکاتەوە، چونکە هەستم کرد کوردستان و مێژووی کورد پڕە لە رووداوی مێژوویی و تراجیدیا کە باشترین بابەتن بۆ سینەما و رەنگە هەموو میللەتان ئەمانەیان نەبێت وەك ئەوەی لە کوردستان هەیە بە شێوەیەك گشتی دوای ئەوەی ماوەیەك لە کوردستان بووم زۆر شت سەرنجی راکێشام نەك تەنیا فیلم و سینەمای کوردی، بەڵکو کەلتوور و شێوەی ژیانی خەڵك بۆ من زۆر سەرنجڕاکێش بوون، لە شێوەی پێشوازی کردنیان لە میوانان بۆم دەرکەوت کە کورد میللەتێکی مرۆڤدۆست و ژیاندۆست و زۆر رێزی بەرامبەریان دەگرن، بەتایبەتی دۆستەکانیان ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە.

سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای کوردستان و کاریگەریی لەسەر بەرهەمهێنانی فیلم و پێشخستنی ئەم پیشەسازییە لە کوردستان ئانا دەڵێ: حەز دەکەم ئەوەتان پێ بڵێم کو ئێستا جیهان بە گشتی لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی کوردستان دەکات، ئەگەرچی بە رێژەوە سەیری هەڵوێستی کوردستان دەکەن لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و تیرۆریستان، بەڵام میدیاکان کوردستان وەك شوێنێکی مەترسیدار نیشان دەدەن و رەنگە هەموو کەسێك سەردانی

**کوردستان لە ماوەی ساڵانی رابردوودا هەمیشە پێشوازیی لە سینەماکار و ئەکتەران کردووە بۆ بەشداریکردن لەو فیستیڤاڵانەی کە لێرە ساز دەکران. کوردستان هەمیشە مایەی سەرنجی ئەم میوانانە بووە و کاتێك گەڕاونەتەوە وڵاتەکانیان جگە لەو تێبینییانەی دەربارەی کوردستان و ژینگەی لەباری بۆ کاری سینەمایی لە هەمان کاتدا کەلتوور و فەرهەنگی کوردیش سەرنجی راکێشاون و وێنایەکی جوانیان لا درووست بووە و زۆر بە ئیجابی بۆ خەڵکی خۆیانیان باس کردووە. ئانا دیمی یەکێکە لەوانەی کە بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەمای دهۆك سەردانی کوردستان کردبوو و جگە لە لایەنی پەیوەست بە هونەری سینەما زۆر شتی دیکەش سەرنجی راکێشا بوو.**

کوردستان نەکات، بەڵام کاتێك من هاتم و ئەم وڵاتەم لە نزیکەوە بینی، پێچەوانە دەرچوو، ئاسایش و ئارامی لە کوردستان سەقامگیرە و خەڵك بە خۆشەویستی و ورەیەکی بەرزەوە لە ژیان دەڕوانن.

ئانا پێیوایە لە کوردستان زەمینەیەکی باش هەیە بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و نووسینەوەی سیناریۆی پێویست و لەم بوارەوە دەڵێت: یەکێك لە کارەکانم لە دهۆك سەردانی کردنی کەمپەکانی ئاوارە و پەنابەران بوو، ئەوەی هەرێمی کوردستان پێشکەش ئاوارە و پەنابەران دەکات جێگای ستایش و رێز و پێویستە جیهان ئەمەی لەبەرچاو بێت، لەرووی هونەری و سینەماشەوە زادەی چەند کارێکی سینەماییم بۆ درووست بوو، و لەبەر ئەوەی خەڵکی ئێمە بە تەواوی لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشەکە نین و نازانن ئاوارە و پەنابەرەکان لە چ دۆخێکدا دەژین، بۆیە من ئەو دیمەنانەی بینیم وەکو خۆی دەگوازمەوە، من پێموایە ئەوەی لە ئەرزی واقیعدا هەیە دەتوانرێ لە رێگای سینەماوە بە باشترین شێوە نیشانی جیهان بدرێت و دڵنیام کاری زۆر سەرکەوتوو دەبن و سینەماکاران دەتوانن سیناریۆی بەهێز لەو تراژیدیایانە دروست بکەن، راستەوخۆ گوێیان لە رووداوەکان دەبێت لەسەر زاری ئەو خەڵکەی کە لە ناو کارەساتەکەدا بوون.

سەبارەت بە فیملە کوردییەکان و ئاشنابوونی بە سینەمای کوردی دەڵێ: هەندێك فیلمی کوردیم بینیبوو زۆر سەرنجیان راکێشام، بەڵام کە هاتمە ئێرە و خەڵکەکەم لە نزیکەوە بینی، زیاتر ئاشنا بووم نەك تەنیا بە فیلم و سینەمای کوردی، بەڵکو تا رادەیەك ئاشنای ژیان و هەڵسوکەوتی خەڵك بووم و کە گەڕامەوە ئەوەی بینیم وەکو خۆی دەگێڕمەوە، هەروەها دوای چاوپێکەوتن و بینینی ئەکتەر و سینەماکارانی کوردستان بۆم دەرکەوت کە ئەمان حەز دەکەن زیاتر لەو بوارەوە پێشکەون و هەمیشە لە هەوڵدان بۆ پێشخستنی سینەمای کوردی، بیرۆکەی جوان و سەرنج راکێشیان هەیە بۆ ئەوەی مێژووی خۆیان لە رووی سینەماوە نیشانی جیهان بدەن ئەمەش هەوڵێکی باش و کارێکی پیرۆزە بەتایبەتی بۆ میللەتێکی وەکو کورد کە بە درێژایی ژیان رووبەرووی رووداو و کارەسات سەخت و جەرگبڕ بۆتەوە بێگومان میللەتانی هاوشێوەی کورد پێشتر هەوڵی لەم جۆرەیان هەبووە و زۆریش سەرکەوتوو بوون و توانیویانە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرن ئەوانەی لە رووی سینەماوە لە ئاستێکی بەرزدان.


## فیستیڤاڵی ئاسیا باسیفك:

**یەکێکە لەو فیستیڤاڵە سینەماییانەی کە ساڵانە لە وڵاتێکی ئەندام لە یەکێتی جیهانی بەرهەمهێنەرانی سینەما (فیابف)، بۆ یەکەم جار ئەم فیلمە لە ساڵی ١٩٥٤ دەستی پێکرد و تایبەتە بە سینەما لە وڵاتانی ئاسیا و دوور گەکانی زەریای هێمن.**

**بەهۆی بەشداریکردنی نوێنەرانی ئەم خەڵاتە لە فیستیڤاڵی سینەمایی نێودەوڵەتیی دهۆك، ئێستا فیستیڤاڵی دهۆك بە بەشێك لەو خەڵاتە دادەنرێت.**

## نیکۆڵ کیدمان:

# جیابوونەوەم لە تۆم کرۆز تووشی شۆکی کردم



دوای چەندین ساڵ ژیانی هاوسەری نێوان نیکۆڵ و توم کرۆز لە ناکاودا جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند و ئێستا هەر یەکیان ژیانێکی نوێیان دەستپێکردووە و هەریەکیان هاوسەری خۆیان هەیە، بەڵام واپێدەچێت جیابوونەوەیان تا ئێستا کاریگەریی بەسەریانەوە مابێت، بەتایبەتی بەسەر نیکۆڵ کیدمان، چونکە بەم دواییە بە راشکاوی باسی ئەمەی کردبوو.

نیکۆڵ کیدمان لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: لەو کاتەوەی کە هاتوومەتە نێو جیهانی سینەما و ناسراو بووم چەندین رووداوی جیاجیا بەسەرمدا تێپەڕیون کە هەریەکیان کاریگەری خۆی هەبوو بە خۆشی و ناخۆشییەوە، بەڵام جیابوونەوەم لە تۆم کرۆز کاریگەریی زۆری بەسەر منەوە هەبوو و کاتێك زانیم ئیدی من و کروز جیادەبینەوە تووشی شۆك بووم و قبوڵ کردن و باوەڕ کردنی ئەم کارە تا رادەیەك زەحمەت بوو و وابزانم تۆمیش هەمان هەستی هەبوو، چونکە ئێمە زۆر تەبا بووین.

کیدمان هۆکاری ئەم شۆکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو لە سەرەتای دەرکەوتنی بوو و نەگەیشتبووە ئاستێکی بەرز و یەکێك نەبوو لە ئەستێرە ناودارەکان بۆیە پێویستییەکی زۆری بە کەسێکی وەك تۆم هەبوو.

کیدمان زیاتر وتی: ئێستا من و تۆم هەر یەکمان ژیانێکی تایبەت و نوێمان دستپێکردووە و لە نێو خانەوادەکانمان دڵخۆشین و ئەو کاتەی هاوسەر بووین و ئێستاش هیچ گرفتێکمان نەبووە، بۆیە لە دڵەوە هیوای سەرکەوتن بۆ تۆم و هاوسەرەکەی دەخوازم.






# سانی لیون دژی جگەرەکێشانە

خانمە ئەستێرەی سینەمایی بۆلیۆد سانی لیۆن نامەیەکی توندی ئاراستەی خەڵکی هیندستان کرد بە مەبەستی وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و داوای لێکردوون کە بەر لەوەی جگەرە بکێشن بە تەواوی بیر لەو کارە بکەنەوە.
لە پەیامێکی تەلەفزیۆنیدا کە لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی وشیار کردنەوەی خەڵکی هیندستان دێت بۆ دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان دەڵێ: جگەرەکێشان زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت و من لە نزیکەوە هەست بەوە دەکەم و ئەو ئازارەم چەشتووە کە لە ئەنجامی جگەرەکێشان تووشی مرۆڤ دەبێت، چونکە من باوکی خۆم بینی کە لە پێش چاوم گیانی لە دەستدا لە ئەنجامی تووشبوونی بە شێرپەنجە کە هۆکارەکەشی جگەرەکێشان بووە.
سانی کە بە یەکێك لە ئەکتەرە وروژێنەرەکانی هیندستان ناسراوە و خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، زیاتر وتی: من لێرەوە داوا لە خەڵك دەکەم کە واز لە جگەرەکێشان بهێنن، بۆ ئەوەی بەخۆشی و لە تەندروستییەکی باشدا بژین، بە داخەوە کەس ناتوانێت هیچ کەسێکی دیکە ناچار بکات بۆ دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان و وازهێنان لێی، بەڵام هەموو کەسێك دەتوانێت خەڵکانی دیکە لە مەترسییەکانی جگەرەکێشان ئاگادار بکاتەوە.



# هۆکاری خەمۆکیی سەلما چییە؟

ئەکتەری ناسراوی مەکسیکی سەلما حایك رایگەیاند کەوا ئێستا لە حاڵەتێکی خەمدا دەژیت و چەند رۆژێك ماتەمی راگەیاندووە بەهۆی کوشتنی سەگەکەی، چونکە ماوەیەکی زۆر پێوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەبوو.
لەم بارەیەوە سەلما رایگەیاند کە بەر لە چەند رۆژێك ئەو ئافرەتەی لە ماڵەکەیدا کار دەکات مۆتسارتی سەگەکەی دۆزییەوە کاتێك لە یەکێك لە کێڵگەکانی نزیك ماڵەکەی فرێدرابوو لە واشنتۆن دوای ئەوەی چەند گولەیەکی لێدرابوو، هەواڵەکە بە گشتی تووشی خەمێکی زۆری و خەمۆکیی کرد کە ماوەیەکی زۆری خایاند، ئەمەش وای لێکرد کە ماوەی نزیکەی دە رۆژ لە هەموو کەسێك دوور بکەوێتەوە تەنانەت ئاگای لە جەماوەری خۆیشی نەمابوو لەسەر لاپەڕە سەرەکییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
سەلما لەم بارەیەوە پەیامێکی بڵاوکردەوە و تێیدا رایگەیاند کە کوشتنی سەگەکەی بەم شێوە دڕندەیە کارێکی زۆر بێ بەزەییانەیە، چونکە سەگیش بوونەوەرە و مافی ئەوەی هەیە هەست بە ئازار نەکات، سەلما، کە بە خۆشەویستی بێ سنووری بۆ ئاژەڵ ناسراوە و لەماڵی خۆیدا زیاتر لە پەنجا ئاژەڵی هەیە هەشتیان سەگن و بەشێکیان لەگەڵی دەخەون. وتیشی: داوا لە پۆلیسی واشنتۆن دەکەم ئەو کەسانە بدۆزنەوە کە دەستیان هەبووە لە ئازاردانی ئەم ئاژەڵە کە ماوەی نۆ ساڵ ژیانی منی پڕ کردبوو لە خۆشی و بە هیچ شێوەیەك ئازاری کەسی نەدا و هێرشی نەکردە سەر هیچ کەسێك، بڕیارمداوە لەمڕۆ بەدواوە لە بەرزترین ئاستدا بەرگری لە مافی ئاژەڵ بکەم و بە توندترین شێوە دژی ئەو کەسانە دەوەستمەوە کە مافی ئاژەڵ پێشێل دەکەن و ئازاریان دەدەن.

## هوەیدا:

# هیوادارم ناوچەکە لە شەڕ و تیرۆر ڕزگاری بێت



**هوەیدا یوسف لە شاری لازقیەی سووریا لە دایکبووە و سەرەتا بە کۆراڵی قوتابخانە و ئاهەنگ وبۆنەکان دەستی بە گۆرانیوتن کرد و لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا لەگەڵ رامی حەداد گۆرانی وت، دواتر ژیانی هاوسەری لەگەڵ بیزنسمانێکی میسری پێکهێنا و بوو بە دایکی کچێك بە ناوی جونا، بەڵام دوای ماوەیەك جیابوونەوە و بۆ ماوەیەکیش دوورکەوتەوە لە گۆرانیوتن و ئێستا لە وڵاتی مەغریب نیشتەجێیە، لە دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەکرد و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

• ئێستا هویەدا لە چ قۆناغێکی هونەریدایە؟
- ئـەم پرسـیارە لەجێـی خۆیەتـی، چونکە مـن و جەماوەریش هەست دەکەین کە من تا رادەیەك دوورم یاخود وەکو پێویست لە گۆڕەپانەکە نیم بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ نەبوونی سپۆنسەر دەگەڕێتەوە، بۆیە مـن ناچـارم بۆخـۆم بەرهەمەکانم بڵاوبکەمەوە، هەر ئەمەشـە وایکردووە کە ناتوانم بەرهەم وەکو پێشـوو بڵاوبکەمەوە و تەنیا ساڵانە یەك، یان دوو گۆرانی بە شێوەی سنگڵ بڵاوبکەمەوە.

• چەند سـاڵێك پێش ئێسـتا بە یەکێك لە ئەسـتێرەکان ناسـراو بـووی، بـەڵام لە ماوەی رابـردوودا دەرکەوتنت وەکو پێویست نەبوو، هۆکاری ئەمە چییە؟
- وەك لە وەڵامی پرسیاری پێشوو باسم کرد نەبوونی سپۆنسەر هۆکاری سەرەکی دوورکەوتنەوە و دەرنەکەوتنی منە، هەروەها چەنـد گرفتێکـی تایبەتی و کۆمەڵایەتیـش رۆڵیان هەبوو لە دوورکەوتنـەوەم، ئەوەشـمان بیـر نەچێت بارودۆخـی ناوچەکە بـە گشـتی و سـووریا بەتایبەتـی کاریگەرییان بەسـەر منەوە هەبووە.

• رووداوەکانی سـووریا کاریگەرییان لەسـەر هونەر بە گشتی و هویدا بەتایبەتی چی بووە؟
-بێگومـان بارودۆخـی سیاسـی سـووریا کاریگەریـی بەسـەر هەمـوو لایەکمـان هەبـووە بەتایبەتـی لەسـەر هونەرمەنـدان، لەلایەکـی دیکـەوە خەڵکانێك هەن توانیویانە ئەو بارودۆخە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بقۆزنەوە و ببوون بە ئەسـتێرە، بۆ من وەك هویدا کاریگەرییەك زۆر سـلبی هەبوو، چونکە لە سـووریا و ناوچەکـەش دوورکەوتمـەوە و کەوتمە شـوێنێکی دوور ئەمەش وایکرد بۆ من هونەر وەك ساڵانی پێشوو نەمێنێت.

• زۆر لـە هونەرمەنـدە سـوورییەکان پەرتەوازە بـوون لە وڵاتە عەرەبییەکان، تۆ ئێستا لە کوێ ژیان بەسەر دەبەی؟
- من لە شوێنێك جێگیر نیم، چونکە بەردەوامم لە هاتوچۆ لە نێوان سـووریا و مەغریب ئەمەش بارودۆخی منی لە هەموو لایەکەوە سەختتر کردووە.

• بە رای تۆ چ جیاوازییەك لەنێوان هونەرمەندانی سـاڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و هونەرمەندانی ئێستادا هەیە؟
- هونـەری سـاڵانی پێشـوو کـە بـۆ سـەردەمی ئوم کەلسـوم و هونەرمەندانـی ئـەو نەوەیـە تایبەتمەندیـی خـۆی هەبـوو، هەروەهـا هونـەر بەتایبەتـی گۆرانـی و موزیکـی سـاڵانی نەوەدەکانیـش جیـاواز بـوو لە هونەری سـەردەمی پێش خۆی، بـەڵام گۆرانییەکانـی ئـەم دوو سـەردەمە ئێسـتاش زیندوون و هەموومـان لـە یادمانـە، بـەڵام بەداخـەوە ئـەوەی ئێسـتا وەك سەردەمەکانی پێش خۆی نییە.

• بارودۆخی ئێستای هونەر چۆن وەسف دەکەی؟
- بێگومان هونەر ئەو تام و چێژەی پێشووی نەماوە تەنانەت ناتوانین پێی بڵێین هونەرە، بەڵکو زیاتر بازرگانی و بەرنامەیە و ئەو شتەی پێشکەشیش دەکرێ زیاتر بە پێچەوانەوە بۆ سەر هونـەر دەگەڕێتـەوە واتە لە جیاتی پێشخسـتنی هونەر دەبێتە هۆی دواکەوتنی، چونکە ئەمانە بە بەرهەمێکی زۆرەوە دێن، بـەڵام لـە ئاسـتێکی بەرزدانیـن، واتە تەنیا لـە چەندایەتییەوە زۆرن و لە چۆنایەتی ئاستیان نزمە.

• دوور لە گۆرانیوتن چۆن بوو رووت لە بواری نواندن کرد؟
-چوونـی مـن بۆ نێو بـواری نواندن لە ئەنجامی هەڵێك بوو کە خاتوو رەشا شـەربەتچی بۆ رەخسـاندم و لێرەوە زۆر سوپاسـی دەکـەم بـۆ ئـەم دەرفەتە وزۆریش خۆشـحاڵ بـووم، چونکە بووە هـۆی بەرزکردنـەوە کێرڤـی هونـەری وئـەوەی من خەونـم پێوە دەبینی هاتە دی و ئەو توانایەی لە ناخمدا هەبوو خاتوو رەشا وایکرد دەری بخەم و بە جۆرێك بوو کە منیش باوەڕم نەدەکرد.

• لە نواندندا خۆت بە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو دەزانی؟
- ناتوانم بڵێم ١٠٠٪ سـەرکەوتوو بووم، چونکە تا ئێسـتا تەنیا لە یەك کاردا بەشـداریم کردووە وەك ئەکتەر، بەڵام دەتوانم بڵێم رێـژەی سـەرکەوتنم لـە نێوان ٦٠-٧٠ لە سـەد بـوو و هیوادارم بتوانـم لـە داهاتـوودا کاری زیاتر و پێشـکەش بکـەم لە بواری نواندن.

• وەك هونەرمەندێك چۆن گرنگی بە خۆت دەدەی ؟
- بـە تـەواوی نازانـم مەبەسـتت چییـە لـەو پرسـیارە، ئەگـەر مەبەسـتت لـە رووی تەندروسـتییەوە بێـت مـن گرنگـی بـە تەندروسـتی خـۆم دەدەم و هـەوڵ دەدەم زوو بخـەوم، هەروەهـا لـە رووی خـواردن و جۆرەکانیشـییەوە بەرنامەی تایبەتم هەیە، چونکـە ئەمـە زۆر پێویسـتە بـۆ هەمـوو کەسـێك بەتایبەتـی بۆ هونەرمەندان.

• پێش چەند ساڵێك ناکۆکییەك لەنێوان تۆ و نەوال ئەلزوغبی-دا هەبوو لەسـەر گۆرانی (ما اندم علیك) هۆکاری سـەرەکی ئەم ناکۆکییە چی بوو؟
- ئەو کێشـەیە زۆر کۆن بووە و نەگەیشـتە ئاسـتی ئەوەی پێی بڵێین کەیس، هۆکاری سەرەکی ئەم گرفتەش ئەوە بوو کە من گۆرانییەکەم لە سـاڵی ١٩٩٦ وت، بەڵام دواتر نەوال لە سـاڵی ١٩٩٩ دووبارە گۆرانییەکەی وتەوە.

• لـە مـاوەی رابـردوودا زۆر لە هونەرمەندانـی عەرەب روویان لـە کوردسـتان کـرد، بۆچـی هویـدا سـەردانی کوردسـتانی نەکردووە؟
- زۆر ئاساییە ئەگەر سەردانی کوردستان بکەم، بەڵام تا ئێستا لـە هیـچ لایەنێکـەوە بانگهێشـت نەکـراوم بۆ ئەوەی سـەردانی بکەم، ئەگەر بانگهێشت بکرێم بە شانازییەوە سەردانی دەکەم.

• هیچ زانیاریت دەربارەی هونەری کوردی هەیە؟
- نەخێـر، بەداخـەوە تـا ئێسـتا زانیارییەکـی ئەوتـۆم دەربـارەی هونـەر و هونەرمەندانـی کوردسـتان نییـە، ئەمـەش رەنگـە بۆ بارودۆخی تایبەتی منەوە بێت.

• ئەگەر داوات لێ بکرێ گۆرانییەك بە زمانی کوردی بڵێی ئامادەی بیڵێی؟
- وەك باسـم کـرد هیچ زانیارییەکم دەربـارەی هونەری کوردی نییـە، بۆیـە زمانی کوردیش نازانم و وتنی گۆرانی بە زمانێك کە نەیزانم و تێی نەگەم زەحمەتە.

• هیوا و ئاواتەکانت بۆ ساڵی ٢٠١٦ چین؟
- ئاواتی هەرە سەرەکیم لە ژیاندا ئەوەیە کە کچەکەم سەرکەوتوو و سـەلامەت بێـت و بگەڕێتـەوە سـووریا و ببێتـە کەسـێکی سەرکەوتوو لە ژیان و خوێندنیدا، سووریا باشتر بێتەوە لە جاران، هیچ نا بگەڕێتەوە وەك سەردەمی پێش ئەو رووداوانە و رزگار بین لەو شەڕ و تیرۆرەی کە ئێستا ناوچەکەیان گرتۆتەوە.